ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کارنامەی ڕژی شەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق،کارنامەی ڕژی شەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:-بەگوێرەی خشتەی کاری کۆبونەوەی پەرلەمانی عێراق کە بەیارەی ڕژی شەممە کاتژمێر 1:00ی پاشنیوەڕۆ کۆبۆتەوە، لە بگەی یەکەمدا گفتوگو و خوێندنەوەی دووەم لەسەر پرۆژەیاسای پشوە فەرمیەکان دەکرێت.

هەر بەگوێرەی خشتەکە، لەبگەی دووەمی کۆبونەوەکەدا گفتوگۆ و خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی هەمواری دووەمی یاسای کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە 31ی ساڵی 2019 دەکرێت کە لەلایەن لیژنەی یاسایەوە ئامادەکراوە، بگەی سێیەمیش هەڵبژاردنی سەرکی پەرلەمانی عێراق دەبێت.